# کوردی ڕەسەن و ناڕەسەن لە نێوان بێدەنگی و دەنگهەڵبڕیندا

بەختیار کەریم

یەکێک لەو قەیرانە سەختانەی چالاکانی بواری مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەستیەوە دەناڵێنن؛ جۆرێکە لە هەڵەتێگەیشتن و خۆدان بەدەست ئەمری واقیعەوە (status quo). ئەو هەڵەتێگەیشتنە کوشندەیەی ئەم چالاکانە بە بنبەست دەگەیەنێت، ئەوەیە کە گشت هەوڵێکیان بۆ کارکردنە لە نێو چوارچێوەی دەسەڵاتدا، لە کاتێکدا ئەم دەسەڵاتانە ئامادەنین ئەو گۆڕانکاریانە بکەن کە لێیان دەخوازرێت بە بیانوی جیاجیا. ئەم هەڵە تێگەیشتنە زادەی خۆ-مۆدێلکردنە لەسەر ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتخوازی خۆرئاوایی، هاوکات وەرگێڕانی دەقاودەقی چەمکە خۆرئاواییەکان بەبێ هەوڵدان بۆ تێڕامانێکی قووڵ لە دۆزی ناوخۆیی. لە ئێستادا دەرچوون لەم تەنگژەیە لە ئەستەمەوە نزیکە، چونکە هیچ حاڵەتێکی سەرکەوتو نیە تا وەک مۆدێل سودی لێ وەربگرین. بەڵکو ئەوەی هەیە سوڕانەوەی ناکۆتای ئەم ڕێکخراوانەیە لە هەمان بازنەی ستایش-گلەیی لە دەسەڵاتدا.

دیموکراتیزەکردنی ئاسۆیی (لەسەرەوە بۆ خوارەوە) مێژوویەک نیە و مودێلێک نیە پشتگیری لێبکات، لەو دەوڵەتانەی دەرەوەی ئەوروپای ڕۆژئاوا و باکوری ئەمریکا کە دیموکراتیزەکردن گوڵی کردوە، دیموکراتیزەکردن بەرئەنجامی گۆڕانێکی بنچینەیی بووە لە فەلسەفەی فەرمانڕەوایی (حوکمکردن) هاوشانی پرۆسەیەکی درێژخایەنی بنیاتنانی کۆمەڵگای مەدەنی، نەک خواستی گۆڕانکاری لە لوتکەی دەسەڵاتدا. مودێلی دیموکراتیزەکردن لە کوردستانیش کە بانگەشەی تاقانەیی بۆ دەکرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک پێویست موژدەبەخش نیە، ئەو ڕۆشنبیر و دامەزراوانەی کە گوایە تۆوی دیموکراسین و بنەمان بۆ ئایندەیەکی گەش لە چوارچێوەی خواستەکانی حیزبدا دەخولێنەوە، یان باشترە بڵێین حیزب ئەوان ئاراستە دەکات نەک بەپێچەوانەوە. ئەم نووسینە تێڕامانێکی کورتە لەو دیاردانەی ئاسانکاری بۆ هەژموونی حیزب و بەردەوامیی ئەو چەقبەستنە سیاسیە دەکەن لە کوردستان.

کاتێک کۆمەڵێک دەنگی نەخوازراو لەلای دەسەڵات؛ ناڕەزایی دەردەبڕن لەو بنبەست و قەیرانەی پرۆسەی سیاسیی لە بازنەی دووبارە بوونە و نەگۆڕاندا دەخولێنێتەوە، دەسەڵات و میدیاکانی ئەو دەنگە ناڕازیانە وەک دەنگی ناواقیعیی و هەندێک جار ناحەزی دۆزی نەتەوایەتی لەقاودەدون. ئەم گەمەیەی دەسەڵاتی حیزبە کوردیەکان تا ئەو جێگایە ڕۆیشتوە کە دوو جۆری دژبەیەک لە کورد دابهێنن؛ کوردی ڕەسەن و ناڕەسەن. دەشێت لێکچونێک لە نێوان ئەم دابەشکردنە و دابەشکردنەکەی (جۆرج بۆش)دا بەدیبکەین کاتێک دەڵێت "تۆ یان لەگەڵمانیت یان لە دژمانیت". بە لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندی نێودەوڵەتی دابەشکردنەکەی بۆش. ڕەوایە کە ئاماژە بەوە بدەین کە بازنەی کوردی ناڕەسەن تا هەنوکە زۆر تەسکترە لەوەی زیاد لە پێویست نیگەرانمان بکات، وەلێ ئەوەی جێگای نیگەرانی و تێڕوانینە لەلایەکەوە هەوڵدانە بۆ فراوانکردنی ئەو بازنەیە تا ئەندازەی ئەوەی هەموو نەیارانی حیزبی دەسەڵاتدار لەخۆی بگرێت، لەلایەکی دیشەوە ئەوانەی ئەم پرۆسەی فراوانکردنەی بازنەی کوردی ناڕەسەن بەڕێوەدەبەن، ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرە بەناو سەربەخۆیانەن کە لە پشت چەمکی کوردایەتیەوە ئەم کارە بۆ حیزب دەکەن. هەوڵ دەدەین لەڕێگای دوو نمونەوە پشتگیری لەم بۆچونە بکەین.

با هەڵبژاردنی داهاتوی عێراق وەک نمونەی یەکەم وەربگرین و زیاتر مەبەستەکەمانی پێ ڕوون بکەیەنەوە. کاتێک هەندێک دەنگی ناڕازی لە پرۆسەی وەرسکەر و خەمهینەری سیاسەت لە

کوردستاندا لەبەر نەبوونی هیچ کەناڵێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتیەکانیان هەڕەشەی دەنگنەدان دەکەن یان خەمساردن لە دەنگدان، لەلایەن حیزبی دەسەڵاتدارەوە وەک هەڕەشە لێیان دەڕوانرێت. لەوانەیە ئەو خەم و ترسەی حیزبەکان جێگەی تێگەیشتن بێت، بۆ نمونە کاتێک مەترسی گەشەکردنی ئیسلامیە سیاسیەکان لە گۆڕێیە، یان لەدەستدانی ژمارەیەکی بەرچاو لە کورسی لە پەرلەمانی عێراقیدا. کارێکی ئاساییە کە حیزبەکان و ئەوانەی لەگەڵیاندا هاوڕان لەسەر ئەم بابەتە هاوڵاتیانی دەنگدەر لەو مەترسیانە ئاگادار بکەنەوە و بە چەندین شێوە بۆچوونی خۆیان بگەیەنن. بەڵام ئەوەی ئاسایی نیە نارەسەناندنی ئەو دەنگانەیە کە بە شێوەی جیاواز بیردەکەنەوە و بە دەرئەنجامی جیاواز دەگەن. جێگەی سەرسامیە لە کاتێکدا بابەتی گەندەڵیی بەرێوەبردن بۆتە وێردی سەر زمانی هەموو کەس بە میدیای حیزبە گەندەڵەکانیشەوە، بەڵام ئەگەر کەسێکی تر لە دەرەوەی میدیای کوردی شتێک لەسەر ئەم ڕاستیە بڵێت، هەمان ئەو ڕۆژنامە و ماڵپەڕانەی بابەتی گەندەڵیی لاپەرەکانیان پڕ دەکاتەوە، تووشی هیستیریایەکی ناشیونالیستانە دەبن و بۆچوونی "ئەوانی تر" بە درۆ و پیلانگێڕی لە قەڵەم دەدەن. ئەمە دیاردەیەکی سامناکە و ئەو چەمکی کوردایەتیەی ڕۆژگارێک گوتاری مانەوە بوو بۆ گەلێکی ژێردەستە، ئەمرۆ بەرەو ئەوەی دەبەن کە ببێتە گوتاری سەرکوتکردنی دەنگی جیاواز. بەپێی ئەم گوتارە کوردایەتی وا دەخوازێت ئێمەی کوردی "رەسەن" بێدەنگ بین، نەکو ئاسایشی نەتەوەییمان بکەوێتە مەترسیەوە، دەبێت گەندەڵیی ڕەگئاژۆی نێو سەرکردایەتی حیزبە دەسەڵاتدارەکان قبوڵ بکەین، نەکو ئیسلامیەکان دەسەڵاتی ڕەشیان بەسەر کوردستانی دیموکراتدا بسەپێنن و کۆمەڵگا مەدەنیەکەمان (کە تەنها چەند زیندانێکی نهێنی لە هەناویدا هەیە و ئەشکەنجە رۆتینی کاری ئاسایش و پۆلیسە) لەناوبەرن.

ئەم دیاردەیە پێدەچێت دووبارە بوونەوەی هەمان ئەو دیاردەیەیە بێت کە بۆ چەندین دەیەیە کۆمەڵگای عەرەبیی هەڵەوگیر کردوە، هەموو نارەزاییەک دەبێت دوابخرێت چونکە ئیسرائیل هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب دەکات، دەبێت هەموو هیواکانی خەڵک بۆ دیموکراتیزەکردن و بەشداری زیاتر لە پرۆسەی سیاسی لە چوارچێوەی خەون و لێکۆڵینەوەدا بمێنێتەوە، چونکە ئیسلامیەکان بۆ دەسەڵات لە بۆسەدان. هاوکات ئەگەر بهاتایە ئەو دەسەڵاتانەی عەرەب هەوڵیان بۆ دیموکراتیزەکردن بدایە، لەلایەکەوە هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕێگەی دانوستانی ئاشتیانەوە کەمدەکرایەوە، لەلایەکی ترەوە پێگەی جەماوەری ئیسلامیەکان لاواز دەبوو یان لانیکەم ناچار بە بەشداری سیاسیی دەکران لە چوارچێوەی دیموکراسی دەستووریدا. لێرەدا تەنها دەکرێت بە خەمباریەوە لەو دۆخە تراژیدیە بڕوانین، کە فەرمانڕەوایی کوردی نمایشی هەمان ئەو ڕۆڵە سیاسیە سەرکوتگەرایە دەکات کە عەرەبەکان مێژوویەکە بە دەستیەوە دەناڵێنن، لە کاتێکدا کورد بە درێژایی مێژوو لە دژی ئەو سیستەمانە جەنگاوە کە کۆمەڵگا عەرەبیەکان و کۆمەڵگای کوردی دیل کردوە.

ئەم پەرچەکردارە ناشیونالیستانەیەی عەرەب کە خودی میدیای کوردی بە شۆڤێنیەت لەقەڵەمی دەدات، سەرەتاکانی دەرکەوتنی لە سیاسەتی حیزبە کوردیەکاندا لەم هەڵمەتەی هەڵبژاردندا بەئاشکرا بەدیدەکرێت. نمایش کردنی مێژووی سەروەریەکانی کورد وەک موڵکی حیزب، تۆقاندنی دەنگدەران لەو ئایندەیەی 'ئەوانی تر' هەڕەشەی لێدەکەن، پاشان بە 'خائین، بیژی و زۆڵ' لەقەڵەمدانی ئەوانەی شوێن ئەم تەوژمە ناکەون، چەند دانەیەکن لەو زەنگانەی بەناوی کوردایەتیەوە لێدەدرێن. 'هانا ئارێنت'ی مەزنە فەیلەسوفی سیاسی لەپاش هۆلۆکۆست دەڵێت ناشیونالیزم کە "ڕۆژگارێک پرینسپڵێکی مەزنی شۆڕشگێرانە بوو بۆ ڕێکخستنی نەتەوایەتی خەڵک" بۆتە هێزێکی ئەهریمەنی و "چیتر نە دەتوانێت گەرەنتی سەروەری خەڵک بێت لەناوەوە و نە دەتوانێت پەیوەندیەکی دادوەرانە لەگەڵ

خەڵکی تردا لەدەرەوەی سنورەکانی دەوڵەتدا فەراهەم بکات."[1] پیدەچێت ناشیونالیزمی کوردیش کە ڕۆژگارێک پرینسپڵی مانەوەی کورد بوو، ئەمڕۆ دەستەوسان بێت لە بەرزڕاگرتنی سەرووەری مرۆڤی کورد و گەلاڵەکردنی پەیوەندیەکی داد و یەکسان لەگەڵ ئەوانەی دەرەوەی خۆی.

نمونەی دووەم؛ ئەو هەڵمەتەی کە حیزبە گەندەڵەکان خۆیان بەڕێوەی دەبەن لە دژی دیاردەیەک کە خۆیان لەیەک کاتدا بەرهەمهێن و بەربەستن لەبەردەم چارەسەریدا، هەڵمەتێکە کە لە ئاستی پێویستدا نیە. ئەم هەڵمەتە هەوڵێکە بۆ ئاسایی کردنەوە و بێدەنگکردنی جەماوەری تووڕە لەو دیاردەیە، زیاتر لەوەی هەوڵێکی ڕاستەقینە بێت بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵیی وەک دیاردەیەکی بەربڵاو لەناو سەرکردایەتی حیزبەکان و حکومەتەکانیاندا (یان باشترە بڵێین شارەوانیەکانیان). تێڕامانێک لەو نووسەرانەی لە ڕۆژنامەی حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا لەسەر گەندەڵیان نووسیوە و دەنووسن دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم هەڵمەتی دژ بە گەندەڵیە بەشێکە لە پڕوپاگەندەی حیزبی، چونکە بەر لە هەموو شتێک بەشێکی زۆری ئەم نووسەرانە خۆیان بەشێکن لە کێشەکە و بەشدارن لە کارکردن بۆ بەردەوامبوونی ئەو گەندەڵیە، پاشان نووسینەکانیان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی ئامۆژگاری و پێشنیار دەرناچێت. ئەمە و لە کاتێکدا چارەسەری ڕاستەقینەی گەندەڵیی ناونانی ناوە لە پرۆسەیەکی یاسایی سەربەخۆدا، بەڵام ئەو پرۆسەیە لە کوردستانێکدا کە دادگای سەربەخۆی تێدا نیە بەڕێوە ناچێت. گەندەڵیی چۆن چارەسەر دەکرێت، ئەگەر کۆمەڵگایەک ئامادەنەبێت سزای ئەو کەسانە بدات کە سەروەتی نەتەوەیی بە ئاشکرا دەدزن، یان لانیکەم ناوی ئەو کەسانە بدرکێنێت کە پێشڕەوی دیاردەی گەندەڵیین؟

بەڵام ئەگەر کەسێک لە دەرەوەی ئەم هەڵمەتە ڕووکەشەی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە بە تێڕوانینێکی جیاوازەوە لەهەمان دیاردە بڕوانێت و هەوڵ بدات بە ناونانی ناوەکان لە گەندەڵیی بدوێت، بە شێوێنەری باردۆخی ڕۆشنی کوردستان، جنێوفرۆش و هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دەناسێنرێت، لەڕێگای ئەو دادگایەنەوە کە دەستیان کورتە لە هەمبەر بەرپرسە گەندەڵەکاندا سزا دەدرێت و دەنگی کپ دەکرێت، (نمونەیەکی خەندەهێن و تەنز ئامێزە کاتێک دادگای باڵای فیدراڵی عێراق دەستەوسانە لە دادگاییکردنی دزە گەورەکان، ڕۆژنامەی هەواڵ ناچاردەکات ناوی نووسەرێک ئاشکرا بکات). بەواتایەکی تر ئەو دەنگانەی لەدەرەوەی هەڵمەتی دژ بە گەندەڵیی حیزبدا دەدوێن وەک کوردی ناڕەسەن لەقەڵەم دەدرێن، چونکە وەک پێشتر وتمان کوردی ڕەسەن دەنگهەڵنابڕێت، نەکو ئاسایشی نەتەوەییمان بکەوێتە مەترسیەوە و ئیسلامیەکان دەنگی زۆر بهێنن لە هەڵبژاردندا. بەڵام با بپرسین ئەگەر ئەو بارودۆخەی کوردستان موژدەبەخشە، ئەگەر ئەو دەسەڵاتدارانەی حیزبی کوردی تەنها دەروازەی ئێمەن بۆ سیاسەتکردن و ئێمەش دەبێت بێدەنگ هەمان ئاراستەی ئەوان بگرین، ئەدی هۆکاری فراوانبوونی بنەکی جەماوەری هێزە ئیسلامیەکان چیە؟

ئەو مەترسیەی خەڵکی لەسەر بێدەنگ دەکرێت هۆکاری سەرەکی بەهێزبوونی ئەم هێزە ئیسلامیانەیە. گەندەڵیی، چەقبەستنی سیاسیی و ناکارایی دوو حیزبی سەرەکی زادەی ئەم دەستئاوەڵاییەی ئیسلامیەکانن نەک دەنگهەڵبڕینی کوردە ناڕەسەنەکان. لە هەڵبژاردنەکانی میسردا زۆر دەنگدەر دەنگیان بەخشیە ئیسلامیەکان، تەنها لە ئەنجامی بێئومێدبوونیانەوە لە دەسەڵاتی گەندەڵ نەک بڕوای پتەویان بە ئایین و ئیسلامی سیاسی.

10/12/2005

ئۆکسفۆرد – ئینگلاند

---

[1] Beiner, Ronald, (2000), Arendt and Nationalism, in Dana Villa (ed), The Cambridge Companion to Hannah Arendt, Cambridge: Cambridge University Press. pp.44-62.